نامەی بنەماڵەی "ئیسماعیلی‌محەمەدی" بۆ:

# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوە و پشتیوانانی زیندانیانی سیاسی و سەرجەم ڕەوت و هێزە مرۆڤ دۆستەکان

بۆ بەڕێزان:

_ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

_ڕێکخراوی مافی مرۆڤ

_ڕێکخراوە و پشتیوانانی زیندانیان سیاسی

_سەرجەم ڕەوت و هێزە مرۆڤ دۆستەکان

ئێمە بنەماڵەی (کوڕ، کچ و هاوسەری) "ئیسماعیلی محەمەدی" زیندانی سیاسی کورد لە گرتووخانەی شاری ورمێ کە دوو ساڵ لەمەوبەر بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بە ئیعدام مەحکووم کرابوو ئێستا پاش دوو ساڵ حەول و تەقالا و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە حوکمی ئیعدامەکەی و هەوڵ و کۆششی زۆر بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حوکمە لە سەری، جارێکی‌تر لە لایەن دیوانی باڵای کۆماری ئیسلامییەوە تەئیید کراوەتەوە.

ئێمە پێنج منداڵ و هاوسەرەکەی (هێرۆ، ئاکۆ، دیاکۆ،ترووسکە، تریفە و منیرە) لە سەرجەم کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و بە تایبەتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە و پشتیوانانی زیندانیان سیاسی داواکارین لە هیچ حەول و تەقالایەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدامی "ئیسماعیل محەمەی" درێغی نەکەن و تێبکۆشن بۆ ئەوەی لە دەست دێوەزمەی مەرگ کە هەر دەم هەڕەشەی لێدەکا ڕزگاری بێ.








مونیرە هێرۆ ئاکۆ دیاکۆ تروسکە تریفە